کۆمیتەی هاوکاریی کۆمەڵە کوردستانی‌یەکان لە شاری لینشۆپینگ پشتیوانی لە داواکانی زیندانی‌یە مانگرتووەکان دەکا.

ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی 14-09-2008 کۆمیتەی هاوکاریی کۆمەڵە کوردستانی‌یەکان لە شاری لینشۆپینگ کۆبوونەوەی مانگانەی خۆی گرت.
وەک نەریتی پێشوو کۆبوونەوەکە بە ساتێک بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان دەستی پێکرد.
پاشان باسی چالاکی‌یەکانی مانگەکانی رابردوو و هەر وەها ئەرک و چالاکی‌یەکانی داهاتوو کرا.
تەوەرێکی تری کۆبوونەوەکە ڕووداوەکانی ئەو دوایی‌یانەی باشوری کوردستان و مانگرتنی زیندانی‌یە کوردەکانی بەندیخانەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و باقی بەندیخانەکانی ئێران بوو.
لەو پەیوەندی‌یە دا ئەو هەڵوێستانەی ژێرەوە بە کۆی دەنگ پەسەند کران:

1. ئێمە پشتیوانی لە داوا ڕەواکانی زیندانی‌یە کوردە مانگرتووەکانی بەندیخانەکانی ئێران دەکەین
2. ئێمە پشتیوانی لە بڕیاری ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک بۆ گەڕانەوە بۆ ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین
3. ئێمە ئیدانەی هەوڵەکانی ئەو دوایی‌یانەی حکومەتی مالیکی بۆ ناردنی هێزی سوپای عێراقی بۆ خانەقین و دەورووبەر دەکەین.

کۆمیتەی هاوکاریی کۆمەڵە کوردستانی‌یەکان لە لینشۆپینگ
14-09-2008


2008/09/14


2008/09/14




2008/09/14


2008/09/14

